Twejer - Volume:1 - Issue:1 - 2018
Pages: 368-398
DOI: https://www.doi.org/10.31918/twejer.1811.9

ISSN(Print): 2617-0744
ISSN(Online):2617-0752

# بەرپرسیاریەتیی تاوانی کەسی هۆکار لە خۆکوشتن لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا

م.ی. ئومێد سعید خضر (ڕوستایی)
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتی یاسا
Omed.khizir@soran.edu.iq

**پوختە**

خۆکوشتن لەڕووی یاساییەوە هیچ دەقێکی یاسایی نیە بە تاوانی دانابێت، بەڵام ئەوەی جێگای مشتوومڕە بەرپرسیاریەتیی تاوانی ئەو کەسانەیە کە بوونەتە هۆکاری خۆکوشتنەکە، لێرەدا کێشە ئەوەیە کە هیچ پێوەرێک و بنەمایەک دیاری نەکراوە بۆ دەستنیشانکردنی کەسی هۆکار و یاسادانەر پێناسەی نەکردووە، بۆیە مەترسی هەیە لەوەی کەسێک بە هۆی ووتەیەکی ئاسایی یان ڕەفتارێکی ئاسایی ببێتە کەسی هۆکار، یاسادانەری کوردستانی ئەو کەسەی بە تاوانبار داناوە و سزایەکەی یەکسان کردووە بە سزای هاندان و هاوکاری لە خۆکوشتن، ئەمەش بە هەمواركردنی ماددەی (408) لە یاسای سزادانی عێراقی ئێستا و یاسای ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژیی خێزانی ژمارە 8 ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستاندا.

**وشە کلیلییەکان:** هۆکاربوون لە خۆکوشتن، هاندان، هاوکاری، ڕێکەوتن، کەسی هۆکار.

# بەرپرسیاریەتیی تاوانی کەسی هۆکار لە خۆکوشتن لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا

## پێشەکی

دیاردەی خۆکوشتن یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایتییە مەترسیدارانەی کەوا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێوەی دەناڵێنێت و کێشەیەکی مەترسیدارە کە هەڕەشە لە کۆمەڵگا و تاکەکانی دەکات بە لەناوچوون و دروست بوونی کێشە تێیدا و دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لە کۆتاییدا دەبێتە شکستێکی تاکی و کۆمەڵی بۆ کۆمەڵگا. زۆرجار ڕێژەی خۆکوشتن لە وڵاتێک زیاترە لە قوربانیانی تاوانەکانی تر، وەک ڕوداوەکانی هاتووچۆ، هەموو خۆکوشتنێک پاشماوەی وێرانکەری دەبێت لە بوارەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و خۆکوشتن ئەو کارەیە کە هاوبەشە لەنێوان هەموو کۆمەڵگاکاندا، بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین ڕێژەی خۆکوشتن لە کۆمەڵگادا پێوەرە بۆ وشیاری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە. کێشە لێرەدا ئەوەیە هەموو یان زۆربەی حاڵەتەکانی خۆکوشتن هۆکار و پاڵنەر یان هاندان و هاوکاریی کەسانی تری تێدایە، بۆیە دوای مردنی خۆکوژ یان هەوڵدانی بۆ خۆکوشتن چەندین پرسیار دێتە ئاراوە و پەنجەی تۆمەت بۆ چەندین کەس دەبرێت، لێرەدا پێویستە بەرپرسیاریەتیی هەموو ئەمانە دیاری بکرێت لە ڕووی تاوان و سزاوە.

**پاڵنەرەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:**

کۆمەڵێک هۆکار هەن بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

1- وەک هەوڵێک بۆ ڕووبەڕووبونەوە و کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی مرۆڤ بە گشتی و ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بە تایبەتی

2- هەستکردن بە گرنگیی ئەم کێشەیە و مەترسییەکانی لە کۆمەلگای کوردستانی دا

3- خۆکوشتن هۆکارێکە لە هۆکارەکانی مردنی مرۆڤەکان و زیادبوونی ڕێژەی ئەم دیاردەیەش بەردەوام.

4- بۆ پاراستن و بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت مافی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا

5- زیادبوونی ڕێژەی خۆکوشتن لە کۆمەڵگای کوردی لای پیاوان و هەروەها ئەو دەرەنجامە نەرێنییانەی لە تاوانی بوونە هۆکار لە خۆکوشتن دەکەوێتەوە

6- کەمی ئەنجامدانی توێژینەوە زانستییەکان دەربارەی خۆکوشتن، بەتایبەت لەڕووی یاساییەوە و هەروەها چارەسەری یاسایی بۆ ئەو بابەتە لە کوردستاندا

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

گرنگیی توێژینەوەکە دەردەکەوێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ دیاریکردنی بەرپرسیاریەتیی هەموو ئەو کەسانەی کەوا لە دوای خۆکوشتنی هەر مرۆڤێک هەن، چونکە

بیگومانین لەوەی کەوا لە زۆربەی حاڵەتەکانی خۆکوشتندا کەسانێکی نادیار هەن کەوا هۆکاری ئەم کارەن و تا ئەم دوایانەش هیچ یاسایەک نەبووە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی ئەم جۆرە کەسانە و دەست نیشانکردنی بەرپرسیاریەتییان، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هۆکارێکە بۆ بەرچاوڕوونی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەشێک دەبێت لە هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی مرۆڤ بە گشتی بە هەردوو ڕەگەزییەوە.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە ئەم ئامانجانە لەخۆدەگرێت:

1- زانینی تێگەی خۆکوشتن و تاوانی بوونە هۆکاری خۆکوشتن و هاندان و هاوکاری، بە مەبەستی ئاشناکردنی کۆمەڵگای کوردستانی و وشیارکردنەوەی تاکی کوردستانی بەم بەرپرسیاریەتییە

2- روونکردنەوەی حوکمی خۆکوژ و کەسی هۆکار و هاندەر و هاوکار لە خۆکوشتن و شروع لە خۆکوشت.

3- خستنەڕووی خاڵی جیاوازیی لەنێوان یاسا بەراوردکارییەکان لەبارەی خۆکوشتن و کەسی هۆکار

4- تیشک خستنە سەر بەرپرسیاریەتیی کەسی هۆکار لە کاری خۆکوژیدا و دەست نیشان کردنی هەموو ئەو کەم و کوڕییانەی لە یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەن سەبارەت بەم تاوانە

**چوارچێوەی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە کورتبووەتەوە لەسەر تێگەی خۆکوشتن و بوونە هۆکار تێیدا و حوکمی کەسی هۆکار لە یاساکانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا.

**کێشەی توێژینەوە:**

وەک ئاشکرایە کاتێک کەسێک بەتەنیا هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کاری خۆکوشتن بە بێ هۆکاری دەوروبەر هیچ گرفتێک نایەتە ئاراوە، چونکە ئەو تاکە بکەرە و خۆی سزای خۆی دەدات، بەڵام کاتێک کەسێک دەبێتە هۆکار بۆ خۆکوشتنی کەسێکی تر، لێرەدا بەرپرسیارییەتی یاسایی ئەو کەسە چیە بۆ ئەو کارەی کردوویەتی بۆ ئەوەی سزا بدرێت. ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کەوا چ جۆرە هۆکارێک دەبێت بە تاوان، کاتێک کەسێک بە هۆکاری کەسێکی ترەوەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت، ئایا تەنیا هۆکاری ئاسایی بەسە بۆ ئەوەی کەسێک بە هۆکاری خۆکوشتنی کەسێکی تر دابنرێت، چونکە زۆرجار بە هۆی مشتومڕێکی بچوکەوە یان بەهۆی ئامۆژگارییەک کەسێک کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت، وەک ئەو دەمەقاڵێ و مشتومڕانەی لە نێوان هاوسەرەکاندا ڕوو دەدات یان لە نێوان کچ و کوڕێک لەکاتی بوونی پەیوەندی خۆشەویستیدا ڕوو دەدات یان لە نێوان خوشک و برا یان خزمەکانی تر یان هەر حاڵەتێکی تری هاوشێوە جا چ لە چوارچێوەی خێزاندا بێت یان دەرەوەی خێزان و ئایە دەکرێت هەموو هۆکارێک بە تاوان دابنرێت، چۆن کەسی هۆکار دیاری بکرێت، لەسەر چ بنەمایەک و چ پێوەرێک. لێرەدا مەترسی ئەوە هەیە کەسانێک ببنە هۆکاری خۆکوشتن و

دەستگیر بکرێن و بە تاوانبار دابنرێن کەچی مەبەستی تاوانیان نەبووە یان نەیان ویستووە کاری خۆکوژییەکە ڕووبدات و بە هۆی ئەوەی کە ئەم تاوانە پێناسە نەکراوە، بێگومان دەبێتە کێشەیەکی دیار بۆ دادوەران لە کاتی پیادەکردنی یاسادا و لە ئەنجامدا لەوانەیە دژ یەکبوون دروست ببێت لە حوکمی دادگاکاندا، چونکە لە کاتی نەبوونی پێناسە بۆ تاوانەکان، ئەوا دەسەلاتی هەڵسەنگاندن دەگەڕێتەوە بۆ دادوەر.

**ڕێچکەی توێژینەوە:**

توێژەر ڕێچکەی شیکاری و بەراوردکاری بە شیکردنەوەی دەقەکانی یاسا سزاییەکان و بۆچوونی یاساناسان و هەروەها بەراوردکردنی یاساکانی هەرێمی کوردستان بە یاساکانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق بەکاردێنێ، وەک یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (42) لە ساڵی (2004) لە هەرێمی کوردستان و یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (8)ی ساڵی 2011 و یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969).

**پلانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە دابەش دەبێت بۆ پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی، لە تەوەری یەکەم دەربارەی چەمکی خۆکوشتن و بونە هۆکار لە خۆکوشتن دەدوێین، لە تەوەری دووەم باسی پایەکانی تاوانی بوونە هۆکار لە خۆکوشتن دەکەین، بەڵام لە تەوەری سێیەم و کۆتایی لە حوکمەکانی خۆکوشتن و بوونە هۆکار تێیدا

دەکۆڵینەوە، و بە خستنە ڕووی گرنگترین دەرەنجام و پێشنیارەکان کۆتایی دێنین.

**تەوەری یەکەم**

**چەمکی خۆکوشتن و هۆکاربوون لە خۆکوشتن**

وەک دەزانین دیاردەی خۆکوشتن دیاردەیەکی نویٚ نیە بەڵکو دیاردەیەکی کۆنە و ڕیشەی دەگەرێتەوە بۆ کۆمەڵگا سەرەتاییەکان، بەڵام ئامانج و ڕیگەی خۆکوشتنەکەیان جیاوازبووە، کۆمەڵەی ئەسکیمۆ پێی وابوو کە مردن بە شێوەی توندوتیژی وەک خۆ کوشتن کاریگەری هەیە بۆ سەر پاک بوونەوەی خۆکوژ، لە هەندیٚ لە هۆزە هیندییەکان خۆکوشتنی ژن لە کاتی مردنی پیاوەکەی نیشانەی ئەوپەڕی وەفاداری و خۆشەویستی بووە ئەمەش لە رۆژی مەراسیمی ناشتنی مێردەکەی ئەنجام دەدرا، هەروەها زۆر لە سەرۆک و شەڕکەرەکان لە کاتی شکستیان لە جەنگ خۆیان دەکوشت بۆ ئەوەی نەکەونە دەست دوژمنەکانیان (عریوەعبد اللە،2008،15). بەڵام لەم سەردەمەی ئێستادا تەواو پێچەوانەی سەردەمی کۆنە چونکە خۆکوشتن لە ئیستادا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەراوکیٚ لە نێو کۆمەڵگا و بە چاوێکی نامۆ لێی دەڕوانریٚ و پێچەوانەی دەقی زۆربەی ئایینەکانە (زوینە حلوان،2008،17). بۆیە لێرەدا هەڵدەستین بە دابەش کردنی ئەم تەوەرە بۆ دوو داواکاری، لە داواکاری یەکەمدا باسی تێگەی خۆکوشتن و بوونە هۆکار لە خۆکوشتن و لە داواکاری دووەمدا باسی هاوبەشی کردن لە خۆکوشتن دەکەین وەک ئەمەی خوارەوە:

**داواکاری یەکەم: تێگەی خۆکوشتن و بوونە هۆکار لە خۆکوشتندا**

ئەم داواکارییە دابەش دەکەین بۆ دوو لقی سەرەکی، لە لقی یەکەمدا پێناسەی خۆکوشتن دەکەین لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەیی، لە لقی دووەم تیشک دەخەینە سەر بوونە هۆکاری خۆکوشتن:

**لقی یەکەم: خۆکوشتن لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەیی:**

**یەکەم: خۆکوشتن لە ڕووی زمانەوانی:**

لە زمانی عەرەبی وشەکە پێک دێت لە سێ پیت (ن ح ر) بە مانای کوشتن، سەربڕین، مل یان گەردن بڕین (معجم المعانی الجامع – معجم عربی– عربی) (https://www.almaany.com/ar/dict/ar- ) و سەرچاوەکەی (انتحر ) کوشتنی خودی خۆی بە دەستی خۆی. مرۆڤ هەڵدەستێت بە کوشتنی خۆی بە ئاگا یان بێ ئاگا، وشەیەکی لێکدراوە پێک دێت لە (خۆ) جێناو لەگەڵ (کوشتن) چاوگ (رزگار کریم،2004،1424 )، ئەو کارەی کە مەبەستە بۆ کوشتنی خۆی یان کوشتنی خۆی ڕبە شێوەی پلان بۆداڕێژراو. انتحار: خۆ کوشتن، خۆلەناوبردن، نحر: سەربرین، کوشتن، گەردن، مل، انتحار: خۆکوشتن (ئاکۆ فاتیح، 2004،49).

**دووەم: خۆ کوشتن لە ڕووی زاراوەیی:**

زاراوەی خۆ کوشتن بیروڕای جیاوازی لەسەرە لە لای توێژەران و یاسا ناسان، بەلام زۆربەی کات وا وەسف کراوە کە بریتیە لە کوشتنی مرۆڤ خودی خۆی، زۆربەیان تەنها لە ڕووی زمانەوانی پێناسەی دەکەن و دەڵێن بریتیە لە کۆتایی هێنان بە ژیانی

مرۆڤ لەلایەن خودی مرۆڤەکەوە و زیاتر لە بابی حوکمی کوشتن باسی دەکرێت (نوزاد صديق سليمان، 1881،37). یاخود بریتیە لەو دەستدرێژییەی کەوا مرۆڤ دەیکاتە سەر خۆی کە دەبێتە هۆی مردنی، بەمەش بکوژ و کوژراو یەک کەس دەبێت، بۆیە لە تاوانی کوشتن جیا دەکرێتەوە بەوەی کە لە تاوانی کوشتندا کەسێک دەست درێژی دەکاتە سەر ژیانی کەسێکی تر (د.فوزيه عبدالستار،2006، 344). هەروەها خۆکوشتن دەکرێت ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ (عادل عبدالعال خراشی،2008،30).

زانای بەناوبانگی فەرەنسی ئیمیل دۆرکایم لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی بەناوی خۆکوشتن ساڵی (1897) بەم شێوە ناساندویەتی: ((بارودۆخێکی مردنە کە ئەنجامی کارێکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی ئەرێنی یان نەرێنییە، کە خۆکوژ خۆی ئەنجامی دەدات و دەزانێت دەبێتە هۆیی ئەم دەرەنجامە (أيمل دوركايم، 2011،7). بەڵام (فرۆید) دەڵێت خۆکوشتن ڕەفتارێکی دوژمن کارانەیە کە ئاراستەی خود دەکرێت (عريوه عبدالله، سەرچاوەی پێشو، 25) .

**لقی دووەم: بوونە هۆکار لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەیی:**

**یەکەم: بونە هۆکار لەڕووی زمانەوانی**

لە هۆکارەوە هاتووە، ئەو شتەی کە پێی دەگەی بە شتێکی تر (زين الدين الرازی، 1957،123)، خواستنی شتێک تا بگەی بە کارێک لە کارەکان، گەیشتنە بە شتێک و کاریگەری لێ ناکات، بریتیە لە هاوبەشی کردن بە بوونە هۆکار ( معجم المعانی الجامع – معجم عربی عربی، سەرچاوەی پیشو).

**دووەم: بوونە هۆکار لەڕووی زاراوەیی:**

تاوان بە بوونە هۆکار پێناسە کراوە بەوەی کە: چالاکییەکی ناوەندییە لە دروست بوونی تاوان، خودی کارەکە تاوان نیە لە سەرەتادا، بەڵام لە ئەنجامی کاری خۆکوژەکە سیفەتی تاوان وەردەگرێت (فهدبن مبارک العفرج،2006،74). بوونە هۆکار بەوە دەناسینرێتەوە کە بریتیە لە بەشداریکردنی ناڕاستەخۆ لە تاواندا (د. عبدالفتاح الصیفی،2001، 257). و یاسا مەرجی داناوە بۆ بوونە هۆکار یەکەمیان دەبێت بوونە هۆکار هەبێت، و دووەمیان دەبێت خۆکوشتنەکە ڕووبدات بەهۆی ئەم هۆکارەوە (ابراهیم محمود اللبیدی، بێ ساڵی بڵاوکردنەوە، 3).

**داواکاری دووەم: جیاکردنەوەی بوونە هۆکاری خۆکوشتن لە شێوەکانی هاوبەشی کردن لە تاواندا**

بە شێوەیەکی گشتی حاڵەتەکانی بەشداریکردن لە تاوان بە شێوەی لاوەکی سێ خاڵی سەرەکی دەگرێتەوە لە یاسای سزادانی عێراقیدا کە بریتین لە (هاندان و ڕێککەوتن و هاوکاری)، بەڵام بۆ بابەتی خۆکوشتن تەنها بابەتی هاندان و هاوکاری باس کردووە. بەڵام یاسادانەری کوردستانی بابەتی بوونە هۆکاری بۆ زیاد کردووە و هەربۆیە ئەم داواکارییە دابەش دەکەین بۆ چوار لقی سەرەکی بەم شێوەیەی خوارەوە:

**لقی یەکەم: هاندان**

هاندان لەیاسای سزادانی عێراقیدا پێناسەی نەکراوە، بۆیە ئەمەی هێشتۆتەوە بۆ دەسەڵاتی دادوەر بۆ ئەوەی کارێک یان وتەیەک بە هاندان دابنێت یان نا، بۆیە بەم شێوە ناسێنراوە بریتیە

له دروستكردنی بیرۆکەی تاوان لای کەسێک، ئینجا پشتگیریکردنی تا دانانی نەخشە بۆی (محمود نجیب حسنی،1992، 420). لێرەدا ڕێگەی هاندانەکە جیاوازە وەک هاندان بە دیاری یان بەڵێن یان هەڕەشە یان فێلکردن یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات یان زۆر لێ کردن (   خالد بن عبد الرحمن الحمیدی،2008، 126 ).

ئێمە پێمان وایە زاراوەی هاندان زۆر فراوانە دەکرێت بە وتە یان نوسین یان ئاماژەی مانابەخش ئەنجام بدرێت بەڵام بەڕای ئێمە هاندان زیاتر بە ووتە ئەنجام دەدرێت نەک کردار و شێوازەکانی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوەی جۆراوجۆری زۆری هەیە وەک: پێدانی بەڵێن بە شتێک یان پێدانی پۆستێک یان ماڵ یان هاندان لەڕێگای هەڕەشە  و چەندین شێوازی تر کە بوونیان هەیە.

**لقی دووەم: هاوکاری**

هاوکاریش وەک ئەوەی لە یاساکاندا هاتووە مەبەست لێی بریتیە لە کارئاسانی یان ئامادەکاری یان تەواوکاری بۆ خۆکوشتنی کەسێک یان پێشکەشکردنی ئەو هۆکارەی پێویستە بۆ ئەنجامدانی کاری خۆکوژییەکە، واتا هاوکاری وادەکات جێ بەجێ کردنی تاوان زۆر ئاسان بێت، و ڕێگرییەکانی لادەبات (احمد عوچ بلال،2006، 473).

ئێمە هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی بەرز دەنرخێنین لە دیاریکردن و پێناسە کردنی تاوانی هاوکاری لە تاواندا، بۆیە ئێمە خوازیاربووین کە جۆرەکانی تری بەشداریکردن لە تاوان پێناسە بکرێن بۆ جیا کردنەوەی جۆرەکانی هاوبەشی کردن لە تاوان و ناسینەوەیان لە کاتی ڕوودانی تاوان و کاری خۆکوژیدا.

**لقی سێیەم: ڕێککەوتن**

ڕێککەوتن بریتیە لە یەکگرتنی دوو ویست یان زیاتر لەسەر ئەنجامدانی تاوانێک، کەلایەنێک پێشنیار دەکات و لایەنەکەی تر رازی دەبێت پێیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕێککەوتن بە تاوان دانانرێت لە خۆکوشتن لە یاسای سزادانی عێراقی و یاسا سزاییەکانی هەرێمی کوردستاندا (انس فريق مسكين، سەرچاوەی پێشو،22). لەبەرئەوەی ڕیککەوتن لە خۆکوشتن بە تاوان هەژمار نەکراوە، کە ئێمە پێمان وایە ئەمەش فەراغێکی یاساییە و دەبێت یاسادانەری کوردستانی و عێراقی پڕی بکاتەوە و هەڵبستێت بە بەتاوان دانانی ڕیککەوتن لە کاری خۆکوژیدا کە دەکرێت ڕووبدات لە هەندێ جاردا.

**لقی چوارەم: بوونە هۆکاری خۆکوشتن:**

ئەم بابەتەمان لە لقی دووەم لە داواکاری یەکەمدا باس کردووە لە ڕووی زمانەوانی وزاراوەییدا. و لەبەر ئەوەی یاسادانەری کوردستانی پێناسەی نەکردووە جۆرێک لە ناڕوونی دروست بووە بۆ ئەم ووشەیە کە بێگومان لێکدانەوەی زۆر و جیاواز بەخۆیەوە هەڵدەگرێت، کە لە ئەنجامدا بۆی هەیە ئاکامی نەرێنی لێبکەوێتەوە. وەک باسمان کرد یاسادانەری کوردستانی پێناسەی ئەم جۆرەی لە تاوان نەکردووە بەڵام زۆر پێویست بوو بیناسێنێت ئەمەش لەبەر سێ هۆکار:

**یەکەم:** بۆ ئاسانکاری کاری دادوەر لە کاتی بڕیاردان لەسەر ڕووداوێکی خۆکوشتن کاتێک کۆمەڵێ کەس تێوە دەگلێن.

**دووەم :** بۆ ئەوەی کەسانی تاوانبار بە ئاسانی جیا بکرێنەوە لە کەسانی بێتاوان و بێ مەبەست کە ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی کەسانی بێتاوان و بە سزاگەیاندنی تاوانباران

**سێیەم:** بۆ جیاکردنەوەی هۆکاری ئاسایی و بەڕێکەوت لە هۆکاری مەبەستدار و پلان بۆدارێژراو

بۆیە ئێمە لای خۆمانەوە هەڵساین بە پێناسەکردنی ئەم تاوانە بەم شێوەیەی خوارەوە:

هۆکاربوون لە خۆکوشتن: بریتیە لە پاڵنانی خۆکوژ بۆ ئەنجامدانی کاری خۆکوژی، بە دروست کردنی کاریگەری لەسەر ویستی خۆکوژ (ارادە) بە مەبەستی ئاراستەکردنی بۆ خۆکوشتن.

**تەوەری دووەم: پایەکانی تاوانی بوونە هۆکار لە خۆکوشتندا**

بیرۆکەی تاوان وەک لایەنی یاسایی پێویستی بە سێ پایەی سەرەکی هەیە، وەک پایەی یاسایی و مادی و واتایی (علی حسین خلف و سلطان عبدالقادر الشاوی، 2006، 138 ) بۆیە لێرەدا هەڵدەستین بە دابەشکردنی ئەم تەوەرە بۆ سێ داواکاری سەرەکی وەک لە خوارەوەدا هاتووە

**داواکاری یەکەم: پایەی یاسایی**

پێویستە ڕەفتاری بوونە هۆکاری خۆکوشتن ڕەفتارێکی تاوانکاری بێت، واتە پێویستە یاسا سزاییەکان دەقیان لەسەر هێنابیت و بە تاوانیان دانابێت، بەم شێوەیە دەبێتە ڕەفتارێکی تاوانی (فهدبن مبارک المفرج، سەرچاوەی پێشو،86). لێرەدا باسی دوو یاسا دەکەین کە دەقیان لەسەر ئەم جۆرە تاوانە هێناوە و ڕێکیان

خستووە، لە کاتێکدا کە یاسای سزادانی عێراقی ئەم بابەتەی ڕێک نەخستووە، بەم شێوەیە لە مەودای سێ لقی سەرەکی باسی دەکەین:

**لقی یەکەم: لەیاسای سزادانی عێراقی ژمارە ( 111 )ی ساڵی (1969):**

داوای سزایی لە کاتیکدا دروست دەبێت ئەگەر تاوانێک ڕوودات و دەقی یاسایش هاتبێت لەسەری بە پێی یاسا سزاییەکانی ئەم وڵاتە (سلیمان عبدالمنعم، 2005، 254)، یاسای سزادانی عێراقیش تەنها ئەم دوو کارەی بەتاوان داناوە (هاندان) و (هاوکاری)، بەڵام (بوونە هۆکاری خۆکوشتن)ی بەتاوان دانەناوە.

**لقی دووەم: لەیاسای ژمارە (42) ساڵی 2004 لە هەرێمی کوردستاندا:**

کاتێک یاسای ژمارە (42)ی ساڵی (2004) دەرچوو، ئەم یاسایە کاری ڕاگرتنی کارکردن بوو بە مادەی (1/408)ی یاسای سزادانی عێراقی و هەروەها ئەم دەقەی خوارەوە شوێنی ئەم بڕگەیەی گرتەوە (سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ کەسێک کەسێکی تر هان بدات یان یارمەتی بدات یان ببێتە هۆکار بۆ خۆکوشتنی کەسێکی تر بە هەر ڕێگایەک بێت، ئەگەر خۆکوشتنەکە ئەنجامدرا بەهۆی ئەم کارانەوە و سزایەکە دەبێتە بەندکردن (حبس) لەکاتی شروعدا) بەم شێوەیە بوونە هۆکار لە خۆکوشتن لە پاڵ هەریەک لە تاوانی هاندان و یارمەتی داندا زیادکرا.

**لقی سێیەم: لە یاسای ڕووبە ڕووبوونەوەی توندووتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (8) ساڵی 2011دا**

ئەم یاسایە هەڵساوە بە بە تاوان دانانی بوونە هۆکاری خۆکوشتن (خۆکوشتن بە هۆی توندوتیژی خێزانی) لە مادەی (٢) لە یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی خێزانی. بەڵام ئەوەی شایەنی باسە ئەم دوو یاسایە تەنها لە سنوری هەرێمی کوردستاندا پیادە دەکرێت (رحیم حسین العکیلی،2012،4).

ئەگەر تاوانی بوونە هۆکار لە چوارچێوەی خێزاندا بوو ئەوا یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی خێزانی لەسەری جێبەجێ دەبێت، چونکە بەپێی پرەنسیپی یاسای تایبەت یاسای گشتی کۆت دەکات، ئەوا یاسای توندوتیژی خێزانی یاسایەکی تایبەتە بۆ ئەو کێشانەی لە چوارچێوەی خێزاندا ڕوودەدەن بە بەراورد لەگەڵ یاسای ساڵی 2004دا، بەڵام ئەگەر دەقێکی یاسای سزایی توندتر هەبێت ئەوا دەقی توندتر جێ بەجێ دەکرێت، ئەمەش بە پێی ماددەی (7) لە یاسای توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە8 ساڵی 2011دا.

بەڵام ئەگەر تاوانی بوونە هۆکار لە دەرەوەی خێزاندا بوو ئەوا یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (42)ی ساڵی( 2004)ی لەسەر جێ بە جێ دەبێت، چونکە ئەم یاسایە دەبێتە یاسایەکی تایبەت بۆ ئەو تاوانە، لێرەدا یاسای سزادانی عێراقی جێ بە جێ نابێت لە هەرێم چونکە هەموارکراوەتەوە لە ماددەی (408) بە یاسای ژمارە (42)ی ساڵی (2004)، بەڵام لە ناوچە جێ ناکۆکەکان تەنها یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969) جێ بە جێ دەبێت، چونکە دادگاکانی ئەم ناوچانە تا ئێستا سەر بە حکومەتی فیدڕاڵییە و یاساکانی عێراق بەرکارن، واتە نە یاسای ژمارە (42)ی ساڵی (2004) و نە یاسای

ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (8) ساڵی (2011) جێ بە جێ ناکرێن.

بە بۆچوونی من پێویست بوو یاسادانەری کوردستانی خۆی بپارێزێت لە فرەیاسایی دەربارەی ئەم جۆرە تاوانە و دەبوایە یاسایەکی گشتگیر هەبێت و بە شێوەیەکی ڕوون باسی خۆکوشتن و بوونە هۆکاری خۆکوشتن و حاڵەتەکانی بکات و پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئەم جۆرە تاوانە بکات و سزایەکی گونجاویشی بۆ بڕیاربدات، بەم شێوەیە پیادەکردنی یاساکە ئاسانتر دەبێت بۆ دادوەر و تیکگیرانی دەقەکان ڕوونادات.

**داواکاری دووەم: پایەی ماددی**

یاسای سزادانی عێراقی ئیستا پێناسەی پایەی مادی کردووە بەوەی کە بریتیە لە ((ڕەفتارێکی تاوانکاری بە ئەنجامدانی کارێک کە یاسا بە تاوانی داناوە یان نەکردنی کارێک کە یاسا فەرمانی کردووە بە کردنی)) (المادە (28) من قانون العقوبات العراقی رقم 111 1969) و پایەی ماددی لە تاوانی بوونە هۆکار بریتیە لەو کارەی کە سەبەبکار پێی هەڵدەستێت بۆ پاڵنانی خۆکوژ بۆ ئەنجامدانی کارەکە و دەرەنجامی زیانبەخش کە مردنی خۆکوژەکەیە یان هەوڵدانی خۆکوژەکەیە بۆ خۆکوشتن و پەیوەندی هۆیەتییە کە پێویستە پەیوەندی هەبێت لە نێوان کاری بوونە هۆکار و خۆکوشتنەکە یان هەوڵدانەکە (فهدبن مبارک العفرج، سەرچاوەی پێشو، 98).

**داواکاری سێیەم: پایەی واتایی**

پایەی واتایی بریتیە لە ئاراستە کردنی ویستی تاوانبار بۆ ڕەفتاری تاوانکاری و دەرەنجامی تاوانەکە  لەگەڵ بوونی زانست بە پێکهاتەی ڕوداوە تاوانییەکە. بۆیە تاوان تەنها دیاردەیەکی ماددی نیە بە تەنها، بەڵکو دیاردەیەکی دەرونیشە کە بریتیە لە ویست، هەر بۆیە بۆ ئەنجامدانی تاوانی بوونە هۆکاری خۆکوشتن، تەنها چالاکییەکی ماددی بەس نیە بۆ هاتنەدی تاوانی بوونە هۆکار، بەڵکو پێویستە مەبەستی ئەوەی هەبێت کە کەسەکە پاڵ بنێت بۆ خۆکوشتن (فهدبن مبارک العفرج، سەرچاوەی پێشو، 114) و ئەم جۆرە پەیوەندییە شایەنی لیپرسینەوەیە.

**تەوەری سێیەم: حوکمی خۆکوشتن و بوونە هۆکاری خۆ کوشتن:**

**داواکاری یەکەم: حوکمی بوونە هۆکاری خۆکوشتن لە یاسای سزادانی عێراقیدا**

لە کاتی ڕوانین لە مادەکانی یاسای سزاکانی عێراقیدا هیچ دەقێک نابینرێت دەربارەی بە تاوان دانانی خۆکوشتن و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن، بۆیە هیچ کەس ناتوانێت سکاڵا تۆمار بکات لەسەر کەسی خۆکوژ یان کەسی هەوڵدەر بۆ خۆکوشتن تەنانەت داواکاری گشتیش بەهۆی نەبوونی دەقی یاسایی ناتوانێت داوایەکە بجولێنێ (ئومێد سعید خضر،2015، 67)، بەڵام لەگەڵ ئەوەی یاسادانەر سزای نەسەپاندووە بەسەر کەسی خۆکوژ و کەسی هەوڵدەر بۆ خۆکوشتن، بەڵام سزای سەپاندووە بەسەر هەریەک لە کەسی (هاندەر) و کەسی (هاوکار) بۆ خۆ کوشتنی کەسێکی تر (مکی عبدالواحد کازم، وتار بلاوبۆتەوە لەسەر ناونیشانی الکترونی خوارەوە:.(https://www.google.iq/#q=%D8%B1:).

بۆیە یاسادانەر لە برگەی (1) لە ماددەی (408)ی  سزای زیندانیکردن بۆماوەی (7) ساڵ زیاتر نەبێت بە سەر هەریەک لە (هاندەر و یارمەتیدەر) داناوە بە مەرجێک خۆکوشتنەکە بەهۆی ئەم هاندانە یان یارمەتی دانەوە بێت، بەڵام لە بڕگەی (2) لە ماددەی (408) سزایەکە توند تر دەبێت و دەبێتە بارودۆخی توند کردنی سزا بۆ هەر یەک لە هاندەر و یارمەتیدەر ئەگەر هاتوو خۆکوژ (18) ساڵی تەواو نەکردبوو یان کەموکورتی هەبوو لە ادراک و ویست، بەڵام ئەگەر هاتوو ادراک و ویستی هەر نەبوو ئەوا تاوانبار سزا دەدرێت بە سزای کوشتنی بە ئەنقەست - کە ماددەی (405) و (406)  دەگرێتەوە - یان هەوڵدان لە کوشتنی بە ئەنقەست بە گوێرەی بارودۆخەکە بە پێی مادەی (408)ی لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111 ساڵی 1969دا. و دەکرێت داوایەکە بجوڵێندرێت بە شێوەی زارەکی یان نوسین (ماددەی (1) لە یاسای رێوشوێنی دادگایکردنی سزایی ژمارە 23ی ساڵی 1971).

بەڵام بوونە هۆکاری خۆکوشتن یان پاڵ نانی کەسێک بۆ خۆکوشتن بە تاوان دانانرێت بە گوێرەی یاسای سزاکانی عێراقی و ڕێکی نەخراوە و باس نەکراوە (رحيم حسن العكيلي، سەرچاوەی پێشو،3) و ناکرێت ڕێوشوێنی یاسایی بگیردرێتە بەر دژی ئەو کەسانەی دەبنە هۆکاری خۆکوشتنی کەسێک چونکە دەبێت پابەند بین بە ڕێسای دەستوری کە دەڵێت هیچ تاوانێک  و هیچ سزایەک بێ دەقی یاسایی بوونی نیە، بۆیە یاسادانەری عێراقی سزای نەسەپاندووە بەسەر خۆکوژ و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن، بەڵام بەگوێرەی ماددەی (408) لە یاسای سزاکانی عێراقی   سزای سەپاندووە تەنها بەسەر هاندەر و هاوکاردا (اسرا محمد علی اسدی،

2014، بڵاوبۆتەوە لەسەر ناونیشانی الكترونی خوارەوە :
http://www.uobabylon.edu.iq/uobColeges/lecture.aspx?fid=7&lcid=38707) بۆیە پێمان وایە ئەمە بۆشاییەكی گەورەی یاساییە لە یاسای سزادانی عێراقی كە كۆمەڵێك تاوانبار رزگاریان دەبێت لە سزا سەرباری ئەوەی مەترسی تاوانكارییان تێدایە.

**داواكاری دووەم: حوكمی بوونە هۆكاری خۆكوشتن لە یاساكانی هەرێمی كوردستان دا**

**لقی یەكەم: خۆكوشتن لە یاسای هەمواری یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 42ی ساڵی 2004دا:**

پەرلەمانی كوردستان هەڵساوە بە چارەسەركردنی ئەم كەموكورتیەی لە یاسای سزاكانی عیراقیدا هەیە بە پێی ئەو دەسەڵاتەی كە هەیەتی، ئەوەبوو پەرلەمانی كوردستان هەڵسا بە هەمواركردنەوەی ماددەی (408) لە یاسای سزادانی عێراقی، كاتێ هەڵسا بە ڕاگرتنی كاركردن بەو مادەیە و جێگرەوەی ماددەكەی خستەرو، ئەمەش بە گوێرەی یاسای ژمارە (42)ی ساڵی (2004) بوو كە هەڵسا بە زیادكردنی دەستەواژەی (بوونە هۆكاری خۆكوشتن) لە یاساكەدا كە پێشتر ئەم جۆرەی تاوان بوونی نەبوو لە هەرێمی كوردستاندا، بەم شێوەیە دەقەكە هەموار كراوەتەوە ((كەسێك كەسێك هانبدات یان هاوكاری بكات بە هەر هۆكارێك بۆخۆكوشتن یان ببێتە هۆكاری خۆكوشتنی كەسێك و خۆكوشتنەكە ئەنجام بدرێت بەهۆی ئەمانەوە ئەوا سزا دەدرێت بە زیندانی بۆ ماوەیەك كە زیاتر نەبێت لە حەوت ساڵ و سزایەكەی دەبێتە حبس لەكاتی هەوڵدان بۆ خۆكوشتن(شروع) )) (قانون تعديل قانون رقم

(42) لسنه 2004 فی اقلیم کوردستان). بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کەوا چ جۆرە هۆکارێک دەبێت بە تاوان کاتێک کەسێک بە هۆکاری کەسێکی ترەوەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت، ئایا تەنیا هۆکاری ئاسایی بەسە بۆ ئەوەی کەسێک بە هۆکاری خۆکوشتنی کەسیکی تر دابنرێت، چونکە زۆرجار بە هۆی مشتومڕێکی بچوکەوە کەسێک کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێت، وەک ئەو مشتومڕانەی لە نێوان هاوسەرەکاندا ڕوودەدات یان لە نێوان کچ و کوڕێک ڕوودەدات لەکاتی بوونی پەیوەندی خۆشەویستی یان هەر حاڵەتێکی تر، ئێمە پێمان وایە کە لەبەر ئەوەی هۆکارەکان زۆرن و جۆراوجۆرن بۆیە ئەم دەسەڵاتە دراوە بە دادوەر بۆ دیاریکردنی جۆر و گەورەیی هۆکارەکە بۆ ئەوەی کەسی هۆکار لە خۆکوشتن بە تاوانبار هەژمار بکرێت.

**لقی دووەم: حوکمی بوونە هۆکاری خۆکوشتن لە یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە(8) ساڵی 2011دا**

یاسادانەری کوردستانی، لەکاتی دانانی یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستاندا،خۆ کوشتنی لە ئەنجامی توندوتیژی خێزانی بە تاوان هەژمار کردووە و بە وێنەیەک لە وێنەکانی توندوتیژی خێزانی هەژمارکردووە و بە یەکێک لە هۆکارەکانی توندوتیژی هەژمارکردووە و سزای بۆ دیاریکردووە، بەم شێوەیە یاسادانەر هەڵسا بە پێناسەکردنی توندوتیژی خێزانی لە ماددەی یەکەم بەم شێوەیە: ((هەر کارێک یان گوفتارێک یان هەڕەشە لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییە خێزانییەکان کە بنیات نراوە لەسەر بنەمای

هاوسەرگیری و خزمایەتی تا پلەی چوار و هەرکەسیک بە شێوەی یاسایی بێتە ناو خێزانەوە لەو بارەوە ئەگەر هەر زیانێکی پێبگات لە بواری جەستەیی و دەرونی و لەدەستدانی ماف و ئازادیەکانی)). و هەروەها لە ماددەی دووەمدا بوونە هۆکاری خۆکوشتنی بە تاوان داناوە، لە مادەی (دووەم) بڕگەی (یەکەم)دا قەدەغەی کردووە لەسەر هەر کەسێک کە لە چوارچێوەی پەیوەندی خزمایەتی دابێت و توندووتیژی خێزانی ئەنجام بدات وەک توندوتیژی جەستەیی و سێکسی و دەرونی لە چوارچێوەی خێزاندا و هەروەها کۆمەڵێک برگە و خاڵی ژماردووە کە بە توندووتیژی خێزانی هەژماری کردوون لەوانەش لە ژمارە (یانزە) باسی خۆکوشتنی کردووە لە ئاکامی توندوتیژی خێزانیدا (قانون مناهضە العنف الاسری فی اقلیم کوردستان رقم (8) لسنە 2011).

بەڵام ماددەی حەوتەم لە یاساکە هاتووە بۆ دیاری کردنی سزای ئەو کەسانەی توندووتیژی خێزانی ئەنجام دەدەن لە چوار چێوەی خێزاندا، وەک دەزانین یەکێک لە توندووتیژییەکان خۆکوشتنە لە ئەنجامی توندوندوتیژی خێزانی، کە بە هۆکاری ئەندامانی خێزان کەسەکە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات جا هۆکارەکە جەستەیی بێت یان دەروونی کە وادەکات کەسێک لەناو خێزان کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت، بۆیە لێرەدا سزای کەسی هۆکار لە خۆکوشتن بریتیە لە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت و پێ بژاردن کە لە ملیۆنێک کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن زیاتر نەبێت یان بە یەکێک لەم دوو سزایە(5). و سەرباری ئەمەش ئەگەر هات و مافی مەدەنی هەبوو دوای سەلماندنی داوای سزایی، دەکرێت داوای شارستانیش تۆمار بکرێت

لەسەر کەسی تاوانبار (الماده (2) من قانون المرافعات المدنیه رقم 83 لسنه 1969) و ئەگەر داواکار هەردوو داوای سزایی و شارستانی تۆمار کردبوو لێرەدا داوای شارستانی ڕادەگیرێت تاکو داوای سزایی یەکلا دەبێتەوە (مصطفی العوجی،12،2007). لێرەدا دەتوانین تیبینی هەندێ جیاوازی و بارودۆخ بکەین لەم دوو یاسایە ئەویش ئەوەیە کە ئەم دوو یاسایە واتە یاسای ژمارە (42)ی ساڵی 2004 و یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (8)ی ساڵی 2011دا، کە تەنها لە سنوری کارگێری هەریمی کوردستاندا پیادە دەکرێت و جێبەجێ دەکرێت و لە سنوری دەسەڵاتی یاسای دەوڵەتی فیدراڵی پیادە ناکرێت لە لایەن دادگاکانی عێراق و جێبەجێ ناکرێت لە لایەن حکومەتی ناوەندی، مەگەر ئەوانیش هەڵسن بە هەموارکردنی یاسای سزادان و مادەی (408) یان یاسایەکی نوێ بۆ توندوتیژی خێزان دەربچێت لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا.

هەروەها یاسای توندوتیژی خێزانی دەسەڵاتی داوە بە دادوەر بۆ هەڵبژاردنی جۆری سزای تاوانبار- کەسی هۆکاری لە خۆکوشتن- بۆ دیاری کردنی جۆری سزاکەی ئایا تەنیا بەند کردن و پێ بژاردنە یان تەنها پێ بژاردنە ئەمەش کاریگەری و گرنگی یاساکە کەم دەکاتەوە چونکە سزایەکە سووکە لە کاتی تەنها بوونی غەرامەدا، جگە لەوە سزای ماددەی 408ی یاسای سزاکانی عێراق توندترە لە سزای یاسای توندوتیژی خێزانی ژمارە(8)ی ساڵی 2011دا، ئەگەر بە توندوتیژییەکە لە چوارچێوەی خیزاندا بێت ئەوا دەبێت ئەم یاسایە جێ بەجێ بکرێت چونکە ئەم یاسایە تایبەتترە لە یاسای سزاکانی عێراقدا، واتە لێرەدا تا یاسای تایبەت هەبێت یاسای

گشتی کاری پێ ناکرێت و هەروەها لە ڕووی بەروارەوە ئەگەر سەیری بکەین یاسای توندوتیژی خێزانی دەرچووە دوای یاسای هەمواری ژمارە 42ی ساڵی 2004دا، ئەمەش جۆرێکە لە هەمواری نادیار بەڵام دەبێت لە چوار چێوەی خێزان بێت تا پلەی چوار ئەوکات پێشینە بۆ ئەم یاسایە دەبێت، ئەگەر لە چوار چێوەی خێزاندا نەبوو ئەوا یاسای سزادانی عێراق جێبەجێ دەکرێت، بەڵام لە یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی خێزانی هاتووە کە لەکاتی بوونی سزایەکی توندتر لەو سزایەی لەم یاسایەدا هاتووە ئەوا پێشینە بۆ سزا توندەکەیە، کە ئەویش یاسای هەمواری ژمارە 42ی ساڵی (2004)ە کە یاسادانەری هەرێمی کوردستان هەڵساوە بە هەموارکردنی ماددەی (408) لە یاسای سزادانی عێراقی بەرکار بە زیادکردنی تاوانی بوونە هۆکاری خۆکوشتن لە پاڵ تاوانەکانی هاندان و هاوکاری لە خۆکوشتن و یەکسان کردنی سزاکانیاندا.

**دەرەنجامەکان**

- یاسادانەری کوردستانی بوونە هۆکاری لە خۆکوشتن بەتاوان داناوە لە پاڵ تاوانەکانی هاندان و هاوکاری لە خۆکوشتن و سزاکانی هاوتا کردوون ئەویش بە هەموار کردنی ماددەی (408) لە یاسای سزادانی عێراقی، بە یاسای هەمواری ژمارە 42ی ساڵی 2004دا، بەمەش جیاوازی هەیە لەگەڵ یاسای سزادانی عێراقی کە تەنیا هاندان و هاوکاری بە تاوان داناوە لە خۆکوشتندا.
- سزای کەسی هۆکار لە خۆکوشتن زیندانی کردنە (سجن) بۆ ماوەیەک لە (حەوت ساڵ) زیاتر نەبیت ئەگەر هات و خۆ کوشتنەکە

ئەنجامدرا، بەڵام ئەگەر تەنیا هەوڵدرا (شروع) ئەوا سزایەکە دەبێتە بەندکردن (حبس).

- سزای کەسی هۆکار لەخۆکوشتن دەبێتە بارودۆخی توندکردنی سزا ئەگەر هاتوو خۆکوژ (18) ساڵی تەواونەکردبوو، یان کەم و کوڕی هەبوو لە ویست و زانین، بەڵام ئەگەر خۆکوژ ویست یا زانینی نەبوو ئەوا سزای کەسی هۆکاری خۆکوشتن هاوتا دەبێت لەگەڵ سزای کوشتنی بە ئەنقەست یان هەوڵدان (شروع) لە کوشتن بەگوێرەی بارودۆخ

- بە پێی یاسا سزاییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان سزا ناسەپێنرێت بەسەر کەسی خۆکوژ و هەوڵدەر بۆ خۆکوشتندا.

- یاسای ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (8)ی ساڵی (2011)ی هەرێمی کوردستان لە ماددەی (2)دا خۆکوشتنی لە ئاکامی توندوتیژی خێزانی بەتاوان داناوە بۆ ئەوکەسەی بۆتە هۆکار و توندوتیژییەکەی ئەنجامداوە بەو مەرجەی لە چوارچێوەی خێزاندا بێت.

- ڕیککەوتن وەک جۆرێک لە جۆرەکانی هاوبەشیکردنی لاوەکی لە تاوان، بە تاوان لە خۆکوشتن لە یاسا سزاییە کانی عێراقی فیدڕاڵ و هەرێمی کوردستان هەژمار نەکراوە.

- باسی جۆر و گەورەیی ئەو هۆکارە نەکراوە کەکەسی هۆکار لەخۆکوشتن پێی بەرپرس و تاوانبار دەبێت، بۆیە ئەم کارە بۆ دەسەڵاتی دادوەر جێهێڵراوە تا یەکلایی بکاتەوە.

- لەبەر نەناساندنی تاوانی بوونە هۆکار لە خۆکوشتن لەلایەن یاسادانەرەوە، لێرەدا زاراوەکە زۆر فراوانە و دەسەڵاتیکی زۆر دەبەخشێت بە دادوەر، ئەمەش لەوانەیە زۆر جار تیکگیران ڕووبدات

لەگەل پڕەنسیپی یاسایەتی تاوان وسزاکان، و لەوانەیە دژیەک بوون ڕوبدات لە حوکمی دادگاکاندا.

- توندوتیژی خێزانی ئەگەر بووە هۆی خۆکوشتنی ئەندامێک لە ئەندامانی خێزاندا تا پلەی چوار ئەوا ئەو توندوتیژییە بە شێوازێک لە شێوازەکانی هۆکاربوون لە خۆکوشتن هەژماردەکرێت.

**پێشنیارەکان**

- پێشنیاردەکەین بۆ یاسادانەری عێراقی هەڵبستێت بە بەتاوان دانانی تاوانی بوونە هۆکار لە خۆکوشتن لەپاڵ تاوانەکانی هاندان و هاوکاری، هەروەها هاوتاکردنی سزاکانیان.

- پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی و عێراقی هەڵبستن بەزیادکردنی بە تاوان دانانی ڕیککەوتن لە کاری خۆکوشتن، چونکە ڕیککەوتن جۆرێکە لە جۆرەکانی هاوبەشی کردنی لاوەکی لە تاوان لە یاسای سزادانی عێراقیدا.

- پێویستە کەسی هەوڵدەر بۆ خۆکوشتن فەرامۆش نەکرێت، و لە شوێنیک لەژێر چاودێری دکتۆری دەروونی یان تیمێکی پسپۆر بمینێتەوە، ئامۆژگاری بکرێت و لە کێشەکانی بکۆڵدرێتەوە و چارەسەری بۆ بکرێت، تا باری دەروونی ئارام دەبێتەوە ئینجا ئازاد بکرێت و بگەڕێتەوە ناو خێزان و کۆمەڵگا.

- پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری کوردستانی و عێراقی بە پێناسە کردنی زاراوەی (بوونە هۆکار) بۆ ئەوەی کەسانی بێتاوان بە هۆکاری خۆکوشتنی کەسێک تاوانبار نەکرێن و سزانەدرێن، هەروەها بۆ ئەوەی دژ یەکبوون دروست نەبێت لە حوکمی دادوەران

له كاتى بڕیاردان لەم جۆرە تاوانەدا، بۆیە پێویستە هۆكارەكان لەیەک جیا بکرێنەوە و بناسێنرێن لە ڕێگای كەسانی پسپۆر، بۆیە ئێمە لای خۆمان هەڵسایین بە پێناسەكردنی ئەم تاوانە بەم شێوەیە: هۆكاربوون لە خۆكوشتن: بریتیە لە پاڵنانی خۆكوژ بۆ ئەنجامدانی كاری خۆكوژی، بە دروست كردنی كاریگەری لەسەر ویستی خۆكوژ (ارادە) بە مەبەستی ئاراستەكردنی بۆ خۆكوشتن.

## سەرچاوەكان

### یەكەم: پەرتوكەكان


- أیمل دوركایم، الانتحار،ترجمە حسن عودە، الھیئە العامە السوریە، دیمشق، 2011.
- ابراھیم محمود، المساھمە الجنائیە فی جرائم الامن الدولە، مركز الاعلام الامنی، دون مكان وسنە النشر.
- احمد عوچ بلال، مبادئ قانون العقوبات المصری، دارالنھضە العربیە، 2006.
- انس فریق مسكین، جریمە التحریض علی الانتحار،بحث مقدم الی مجلس القضاء لاقلیم كوردستان، 2013.
- طیبە فاضل عباس وغزوان یحیی یوسف، ضاھرە الانتحار وباء یصیب المجتمع الایزیدی، 2012.
- عادل عبدالعال خراشی، مدی مسؤولیە الشریک الجنائیە عن الاشتراک فی فعل الانتحار،جامعە الازھر،ط1، 2008.
- علی حسین خلف، سلطان عبدالقادر الشاوی، المبادئ العامە فی قانون العقوبات، 2006.

- عبدالفتاح الصيفى، الاحكام العامه للنقام الجنائى فى الشريعه، دار النهضه العربيه،2001.
- فوزيه عبدالستار،شرح قانون العقوبات القسم الخاص، ط5، دار النهضه العربيه،199.
- محمود نجيب حسنى،المساهمه الجنائيه فى التشريعات العربيه، دار النهضه العربيه، 1992.
- ماهر عبد شويش الدره، شرح قانون العقوبات،2007 .

**دووەم : نامەکانی ماستەر و دکتۆرا**

- ئومێد سعيد خضر، لێکەوتەکانی پەرژانەی پەرلەمانی، ماستەرنامە، زانکۆی سۆران، 2015.
- خالد الحميدى، التحريض على جريمه تعاطى المخدرات، رساله ماجستير،، جامعه نايف العربيه للعلوم الامنيه، 2008.
- زوينه حلوان، التوظيف النفسى لدى الراشدين الذين قاموا بمحاوله الانتحار بابتلاع مواد محرقه، رساله ماجستير مقدمه الى كليه العلوم الإنسانيه و الاجتماعيه، جامعه الجزائير، 2008.
- عريوه عبدالله، طرق الوقايه والعلاج لظاهره الانتحار فى المجتمع الجزائيرى، رساله ماجستير، مقدمه الى كليه العلوم الانسانيه والاجتماعيه، جامعه الجزائير، 2008.
- فهد بن مبارك العفرج، التحريض على الجريمه فى الفقه الاسلامى والنظام السعودى، رساله ماجستير، مقدم الى كليه الدراسات العليا، جلمعه نايف العربيه للعلوم الامنيه، 2006.
- كورو غلى محمد لمين، مساهمه فى دراسه محاوله الانتحار عند المراهقين بعد تعرضه لصدمه الفشل، رساله ماجستير، مقدمه الى

كليه العلوم الانسانيه والعلوم الاجتماعيه، جامعه منتورى – قسنطينه، جزائير، 2009.
- نوزاد صديق سليمان، حكم الانتحار فى الشريعه الاسلاميه، رساله ماجستير مقدمه الى مجلس كليه العلوم الاسلاميه، جامعه بغداد،. 1881

**سێیەم: فەرهەنگەکان**

- ئاکۆ فاتیح، فەرهەنگی ئاسان، عربی – کوردی، 2004.
- رزگار کریم، فەرهەنگی دەریا، عربی- کوردی، ب2، نشر احسان، تهران، 2006.
- زين الدين الرازى، مختار الصحاح، دارالحديث، 1957.
- معنى الانتحار فى معجم المعانى الجامع - معجم عربى عربى .

**چوارەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان**

- اسرا محمد على اسدى، مقال منشور على شبكه جامعه بابل،كليه القانون، 2014،منشور على الموقع الكترونى التالى : http://www.uobabylon.edu.iq/uobColeges/lecture.aspx?fid=7&lcid=38707
- رحيم حسن العكيلى، دفع الاخر للانتحار جريمه لا يعاقب عليها القانون العراقى الاتحادى،2012، مقال منشور على البريد الكترونى التالى : http://rahimaqeeli.blogspot.com/2012/08/sms-410.html اخر زياره 2016/8/21.

- مکی عبد الواحد کاضم، مقال منشور على البريد الكترونى التالى https://www.google.iq/#q=%D8%B1 :

**پێنجەم: یاساکان**

- الدستور العراقى لسنه 2005.
- قانون العقوبات العراقى رقم 111 لسنه 1969.
- قانون تعديل قانون رقم 42 لسنه 2004 فى اقليم كوردستان.
- قانون اصول المحاكمات الجزائيه رقم 23 لسنه 1971.
- قانون المرافعات المدنيه رقم 83 لسنه 1969.
- قانون مناهضه العنف الاسرى فى اقليم كوردستان رقم (8) لسنه 2011.

**الملخص**

نعلم أن الانتحار هو ضاهرة اجتماعية و موجودة فى جميع دول العالم عبرتاريخ الٱنسانية. والمجتمع الكوردى ليس استثناء منها. هناك العديد من عوامل اجتماعية و اقتصادية و سايكولوجية التى تؤثر فيها. بالنسبة للمنتحر فليس هناك نص قانونى لتجريم هذا الفعل، لان المنتحر هو بذاته يعاقب نفسه بأشد العقوبة، لكن محور المناقشة هو المسؤولية الجنائية للٱشخاص الذين يتوغلون فى الانتحار بشكل من الٱشكال: مثل التحريض أو المساعدة أو الاتفاق أو التسبب، من هنا نحن ركزنا على مسؤولية المسبب فى الٱنتحار، كما أقر المشرع الكوردستانى ونضمها، وهذا على عكس المشرع العراقى حيث لم يشير إليها، وعليه نتساول ما هو المعيار أو الٱساس القانونى لتحديد المسبب الذي لم يعرفه المشرع؟ لٱنه هناك مخاوف فيما إذا تسبب أحد الٱشخاص بسبب كلام بسيط أو سلوك عادى للانتحار حيث يصبح فى النتيجة مسببا للانتحار. فالمشرع أعطى للقاضى سلطة تقديرية لتحديد المسبب، إذ يعد المسبب مجرما و يعاقب عليه القانون، وأن المشرع الكوردستاني يعتبره مجرما و يعادل عقابه و حكمه بعقوبه التحريض والمساعدة فى الانتحار، وهذا طبقا لمادة (408) المعدل من قانون العقوبات العراقي الحالي، وقانون مناهضة العنف الٱسرى فى إقليم كوردستان رقم (8) لسنه 2011.

**Summary**

It is known that suicide is a social phenomenon that has been existed in all the countries of the world throughout human history. So Kurdish society is no exception. There are many social, economic and psychological factors that affect the phenomenon. As to the perpetrator, there is no legal provision to criminalize his act, because he is who, that got punished with the most severe punishment " being dead", that is why the discussion of the research is focused on the criminal responsibility of persons who are involving in committing suicide in some situations: such as incitement, assistance, and so on. Hence, we have concentrated on the liability of the originator "causative person" of suicide as it has approved and regulated by the Kurdistan legislator, on contrast the Iraqi legislator did not refer to it. Therefore the main question is; what is the criterion or legal basis to identify the cause which the legislator has not recognized? Because there are concerns about whether someone who is causing by an ordinary speech or a normal behavior of suicide, which in turn leads to suicide. The legislator gave the judge a discretionary authority to determine the originator "causative person", since the perpetrator is considered a criminal and punishable by law. The Kurdistan legislator considers originator "causative person" a criminal and equalize his punishment and the sentence to the punishment of incitement and assistance in suicide, which is provided by the Article 408 of the current Iraqi Penal Code, and the Kurdistan Region combating family violent Act, No. (8) 2011.